KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-9-2007 16:07بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## Smsێک بۆ ئەندامانی کۆنگرەی دوانزە ... محەمەد عەبدوڵلا کەلاری

دوای چاوەڕوانیی، وا دیسانەوە یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەکاتی دیاریکراودا دەیەوی بە سازدانی کۆنگرە بەرگی کۆنی فڕێداو خۆی نوی بکاتەوە، ئەمە شتێکی دڵخۆشکەرە، بەڵام ئەوەی دڵخۆشکەرترە ڕێوشوێنی کۆنگرەکە بە ئاوایەکی دیموکراسیانە و دوور لە دەستێوەردانی دەرەکی بەڕێوە بچێت.



هەرچەندە تێبینیم لەسەر بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژارنی ئەندامانی کۆنگرە هەبوو، کە بەداخەوە توانامەندیی لە کاری ڕێکخراوەیی و بەرزیی ئاستی ڕۆشنبیری نەکرابووەوە پێوەر، لەجیاتی ئەوە کوتلەبازی جێی گرتبووەوە، کە ئاکام خەڵکانێك کاندید کران (لەگەڵ ڕێزمدا) هەندێکیان لەئاستی پێویستدا نین و، شایستەی ئەوە نین شەرەفی ئەندامێتی کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوەیان پی بدری، بەتایبەت ئەگەر بزانین کە کۆنگرە تەنها پرۆسەیەکی دەنگدان نیە بۆ کاندیدکراوە دیاریکراوەکانیان، بەڵکو تاوتوێکردنی لایەنە باش و خراپەکانی کاری سی ساڵی رابردوو، هەروەها بەرنامەدانانە بۆ چەند ساڵی دیاریکراوی داهاتوو.

من وەك ئەندامی دوو کۆنگرەی پێشووی ئەم ڕێکخراوە، دەخوازم هەندی سەرنج بخەمە بەردەمی ئەندامانی ئەم کۆنگرەیە بۆئەوەی هۆشیارانەتر بجوڵێنەوە، تاکو دواجار بەسوود بۆ خۆیان و ڕێکخراوەکە بشکێتەوە. ئەندامانی کۆنگرە دەبی درك بەوە بکەن کە ئەرکێکی مێژوویيان لەسەر شانە و، نابێت بی بایەخانە لە شەرەف وەرگرتنی ئەم پلە مەعنەوییە بڕوانن، بۆیە دەبێت ئەرك و مافی خۆیان بزانن تاکو نەبنە داردەستی کەسانێکی دیاریکراو یاخود وەك کۆیلە تەماشا بکرێن!

لە نێو هۆڵی کۆنگرەدا، ئەندامانی کۆنگرە هەموو لە یەك ئاستدا دەبن لە رووی ئەرك و مافەوە، ئەندامێکی بی پۆست و سکرتێری ڕێکخراوەکە یەکسانن لەوبارەیەوە، گرنگ ئەوەیە قورسایی ڕۆژانی کۆنگرە بۆ مناقەشەی کارنامەی ڕێکخراوەکە تەرخان بکرێت، نەك بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بۆ کاندێکی دیاریکراو کە دوای ئەوەی دەنگی پێویستی هێنا ئیتر ناتناسێ!

ئەمڕۆ خەڵکانێك لەنێو هۆڵی کۆنگرەن کە هێشتا لەرووی ڕۆشنبیری و پلەبەندیی ڕێکخراوەیی ماویانە ئەو کورسیانە پڕ بکەنەوە، لەهەمان کاتدا خەڵکانێکیش هەن کە شایستە بوون بۆ ئەو شوێنە بەڵام کوتلەبازی ڕێگر بوو. کوتلەگەریی دەشی شتێکی تاڕادەیەك سروشتی بێت لە نێو هەر ڕێکخراوێکدا بەڵام بگاتە رادەیەك کە خەڵکی بەتواناو ماندوو دوور بخاتەوە، ئەمەیان مایەی هەڵوەستە لەسەر کردنە!

با سەرتان نەیەشێنم، دەکری هێندە بڵێم دەنگەکانتان بە نرخن، هەوڵبدەن بەفیڕۆی نەدەن، بە تەنها دەنگێك لەوانەیە کادرێکی بەتوانا دوور بخرێتەوەو کەسێکی ناشیاو سی ساڵی رەبەق جێگەیەك لە سەرکردایەتیدا بگرێت، بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی لەسەر شانی یەکە بە یەکەتانە، هەوڵبدەن خۆتان لەو لیستە کاغەزییانە بە دوور بگرن کە کوتلەکان بەسەرتانی دابەش دەکەن، ئێوە خاوەنی کەسایەتی خۆتان بن نەك ببنە سێبەری کەسایەتی خەڵکیتر، ئەوەی دەزانن شیاوە دەنگی پی بدەن، رەچاوی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سۆران و بادینان و جیاوازی شێوە زارەکان مەکەن، چونکە ئەوە پیلانێکی بەجێماوی دوژمنانە، گرنگ ئەوەیە سەرکردایەتییەك بێت رووی ئەم رێکخراوە رۆشن بکاتەوە، تاکو ئێوەش ویژدانتان ئاسوودە بێت و، شانازی بکەن کە ئەو سەرکردایەتییە بەتوانایە لەسەر دەستی ئێوە هاتۆتە بەرهەم، چاومان لێتانە، دڵمان خۆش و ئاسوودە بکەن.

Kalary79@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.